گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper4
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/١٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٩
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# کاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندیی و swom، لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی

ئەژی حمە قاضی[١] - سامان حسین ئەحمەد[٢] - زانا عوسمان محمد[٣]

azhi.qazi@unvisul.edu.iq - saman.abdullah@univsul.edu.iq - zanaothman@gmail.com

[١+٢]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کورستان، عێراق.

[٣]بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی چەرمو، چەمچەماڵ، هەرێمی کورستان، عێراق.

## پوختە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕوی کاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) و سوم (SWOM)، لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی، لەتوێژینەوەکەدا میتۆدی ئەزمونی بەکارهاتوە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (٦٠) خوێندکار لە خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لەسێ پۆلی خوێندندا لە خوێندگەی (ئامادەیی تاڤانی کچان) سەربە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لەپارێزگای سلێمانی بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)ز. پاش هاوتاکردن پۆلی (أ) بەگروپی ئەزمونی یەکەم کە بەستراتیژی شەش ڕەهەندی و پۆلی (ب) بەڕێگای ئاسایی و پۆلی (ج) بەگروپی ئەزمونی دوەم کە بەستراتیژی SWOM وانەکانیان دەستنیشانکران، بۆجێبەجێکردنی توێژینەوەکە (٢٤) پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانە بەکارهات بۆ هەریەک لە گروپەکان، تاقیکردنەوەیەک بۆ گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بە (٣٠) بڕگە ئامادەکرا لە جۆری بابەتی (هەڵبژاردن لەچەند دانەیەک - گوتاری سنوردا)، تایبەتمەندییە سایکۆمیترییەکانی تاقیکردنەوەکە دۆزرایەوە و بەهای نەگۆڕی ئامرازەکە بریتییبو لە (٠،٨٥)، هاوکۆلکەی ئاماری(ONE WAY ANOVA)

لەنێوان هەرســـێ نمونەکەدا بەکارهات و دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەناو گروپەکاندا هەیە پاشـــان بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان گروپەکان هاوکۆلکەی ئاماری(شـــیفی- Sheffe) بەکارهات، دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەســـەر ئاســـتی (٠،٠٥) لەنێوان گروپەکانی توێژینەوەکەدا هەیە. گروپی ئەزمونگەری یەکەم ســەرکەوت بەســەر گروپی ئەزمونگەری دوەم و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی پاشـــەکی کارامەی بیرکردنەوەی مێژویدا. هەروەها گروپی ئەزمونگەری یەکەم و دوەم لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا سەرکەوتوبون بەسەر هەمان تاقیکردنەوە لە پێشەکیدا بەڵام گروپی کۆنترۆڵکراو سەرکەوتونەبوە لەهەمان تاقیکردنەوەی پاشـــەکیدا، لەبەر ڕۆشـــنای ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێک پێشـــنیار و ڕاســـپاردەی ئامادەکرد لەوانە: بەکارهێنانی هەردو ســـتراتیژی شـــەش ڕەهەندیی و swom، وەک دو ســـتراتیژیی فێرکاری نوێ یارمەتیدەرەن لە گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم و دوم بەراورد بەخوێندکاران لە گروپی کۆنترۆڵکراو بەشێوەیەکی گشتی لە قۆناغی ئامادەیی لای پۆلی دەیەمی وێژەیی لەبابەتی مێژو.

**کلیلە وشەکان:** ستراتیژی شەش ڕەهەندی- ستراتیژی SWOM- کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١ پێشەکی

ســەرچاوە نوێیەکانی بواری پەروەردە ئاماژە بەوە دەکەن پێشـکەوتنەکانی مرۆڤ بەهۆی زانیارییەکانیەوە نییە کە زۆربن، بەڵکو بەهۆی بیرکردنەوەکـانیەتی لەچۆنیەتی مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیـاریـانە و وێناکردنیان تاوەکو بتوانێت مانای لێ تەواو بکات و ســـودی لێوەربگرێت، هەمو ئەمانەش بە بیرکردنەوە دەبێت، بیرکردنەوە لە ئاڵۆزترین کردارەکانی مرۆڤە کە نابینرێت و مرۆڤ لەڕێگەی مێشـــکیەوە پەنای بۆدەبات بۆ چارەسەری کێشە و گرفتێک، یاخود کار و فرمانێک کە ئەنجامی دەدات، بیرکردنەوە زۆرترین کردەی هۆشییە مرۆڤ ڕۆژانە بەبەردەوامی بەکاریدەهێنێت (عزیز:٢٠٢١، ٥)، لەبەرئەوەی قۆناغی ئامادەیی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە دەکەوێتە نێوان هەردو قۆناغی بنەڕەتی لەلایەک و خوێندنی باڵا لەلایەکیتر، هەر بۆیە تواناکان و ئاراســـتەکانی خوێندکار زیاتر دەردەکەوێت و تێکەڵبونیان بەژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەرتر دەبێت. (الحیلة: ٢٠٠١، ٢٨٧)، بۆیە پێویســتە مامۆســتایانی بابەتی مێژو جەخت بکەنەوە لەســەر ڕێکارییە پۆلییەکان و گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوە لای خوێندکاران بەئاراســـتەکردنی پرسیارەکان وەڵامدانەوەیان لەئاستە باڵاکانی شیکردنەوە، ڕێکخستن، هەڵسەنگاندن، گفتوگۆ و خستنەڕوی بۆچونەکان و ڕێزگرتن لە بۆچونە جیاوازەکان و ڕێکخستنی چالاکییە فێرکارییەکان بەئامانجی گەشـەپێدان و ڕەخســـاندنی بیرکردنەوە لای خوێندکاران (عبیدات: ٢٠١١، ٢٧١-٢٧٢)، ســـتراتیژی شـــەش ڕەهەندی

(PDEODE) و سـوم (SWOM) دو سـتراتیژی فێرکاری نوێن لەبواری وانەوتنەوە، سـتراتیژی شـەش ڕەهەندی (PDEODE) یەکێکە لەو سـتراتیژە گرنگانەی کە تیایدا زەمینەیەکی زانسـتی گفتوگۆ ئامێز دەڕەخسـێنرێت بۆ فەراهەمکردنی بۆچونی جۆراوجۆر، لەڕێگەی هەنگاوە زانسـتییەکانیەوە کە بریتین لە: (پێشـبینی – Prediction، گفتوگۆ- Discus، ڕاڤەکردن -Explain ، تێبینی Observe، گفتوگۆ- Discus، ڕاڤەکردن- Explain).(Costu:2008, 4) بەهەمان شـێوەی سـتراتیژی سـوم (SWOM)یش کار دەکات لەسـەر کارامەیی پرۆسـە هزری و مەعریفییەکان و شـێوازەکانی فێرکردن و جۆرەکانی بیرکردنەوە بەشـێوەیەک ببێتەهۆی باشـتربونی پرۆسـەی فێربون، چونکە سـتراتیژەکە گرنگی دەدات بە هۆکارە هزری و دەرونی و کەسـییەکانی خوێندکار، ئەمەش وادەکات کە خوێندکار چەقی پرۆسـەکە بێت، بەلەبەرچاو گرتنی ئەو جیاوازیە تاکایەتییەی کە لەنێوان خوێندکاراندا هەیە.(العسیری: ٢٠٢١، ١٦)،

## ١-٢گرفتی توێژینەوەکە

لە جیهانی ئەمڕۆدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بەردەم چەندین ئاڵنگاری گەورەدایە لەسـەرجەم بوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشـنبیری و ناکرێت ڕوبەڕوی ئەو ئاڵنگاریانە بینەوە بەبێ بونی سـیسـتەمێکی فێرکاری چالاک کە کاربکات لەسـەر ئامادەکردنی خوێندکار بەشـێوەیەک کۆمەڵێک سـیفات و تایبەتمەندی هەبێت تابتوانێت ڕوبەڕوی ئەو ئاڵنگاریانە ببێتەوە، ئەوتایبەتمەندیانەش تەنها بە مەعریفەوە ناوەسـتێت بەڵکو پێویسـتە خوێندکار بەکۆمەڵێک کارامەیی تری (فێرکاری، بیرکردنەوە، چارەسـەرکردنی کێشـەکان) ئاشنا بێت، ئەمەش لەسیستەمی فێرکاری کلاسیکدا بەدینایەت، بەڵکو دەبێت سیستەمێکی نوێ پەیڕەوبکرێت لەفێرکردندا کەپشـت بە جوڵە و چالاکی خوێندکار لەم پرۆسـەیەدا دەبەسـتێت (امبوسـعیدی و الحوسـینیە: ٢٠١٦، ٢١). لەبەرئەوەی سـیسـتمی فێرکاری بەشـێوەیەکی گشـتی و خوێندنگە بەتایبەتی گیرۆدەی چەند گرفتێکی گەورە بونەتەوە لەبەرامبەر ئەوگۆڕانکاریانەی کە لە بواری زانیاری و پەیوەندی تەکنەلۆژیا کە ئێسـتا لە جیهاندا هاتوتە ئاراوە، ئەمەش بۆتەهۆی گیروگرفت لەسـیسـتمی پەروەردەیدا(عەزیز:٢٠١٨، ٢٨)، لەکاتێکدا پێویسـتە بابەتی مێژو لەسـەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و قۆناغی ئامادەیی بەتایبەتی زۆرترین کاریگەری لەوەرگرتنی کارامەییە مێژوییەکان لای خوێندکار دروسـت بکات، هانی بدات بۆبیرکردنەوە و گەڕان بەدوای زانیاری و سـەرچاوەکان و سـود لێوەرگرتنیان بەڕێگەیەکی زانسـتی کە لەگەڵ بڕیاردان و توانا هزرییەکانیدا بگونجێت(جامل: ٢٠٠٤، ١٠٤)، بەڵام دەرئەنجامی هەندێک توێژینەوە کە لەسـەر ئاسـتی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و عێراق و کوردسـتان ئەنجام دراون جەخت لەوەدەکەنەوە کێشـە و گیروگرفت هەیە لەوتنەوەی بابەتی مێژو تایبەت لەقۆناغی ئامادەیی، ئەمەش هۆکارە بۆ دابەزینی ئاسـتی زانسـتی خوێندکاران و لاوازی لە تێگەیشـتن و ئەنجامدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەوانە

توێژینەوەکانی: (میکە: ٢٠١٠)، (Ryter-2015)، (علی: ٢٠١٨)، هەروەها توێژەر دو جۆر ڕاپرسی ئاراستەی (٢٥) مامۆســتای بابەتی مێژو، (٢٥)خوێندکاری قۆناغی دەیەمی وێژەی لەخوێندگە ئامادەییەکانی ســنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی کرد کە (٤) پرسیاری لەخۆی گرتبو پاش شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان ســەرجەم مامۆســتایان جەخت دەکەنەوە لەهەبونی گرفت لەبیرکردنەوەدا، هەمو ئەم هۆکارانە وایان کرد توێژەر پێشنیاری بەکارهێنانی ستراتیژیی شەش ڕەهەندی وستراتیژی SWOM، بکات لەم توێژینەوەیەدا بۆ هەردو گروپی ئەزمونگەری یەکەم و ئەزمونگەری دوەم بەمەبەســتی وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارە ســـەرەکییە: (کاریگەریی ســـتراتیژی شـــەش ڕەهەندیی و SWOM، لە گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی)

## ١-٣ گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

یەکەم: لەڕوی تیۆرییەوە:

١- بەســـودە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســـتی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان/عێراق لەبەرئەوەی زانیاری و داتای پێویســـت دەخاتەبەردەســـتیان دەربارەی ســـتراتیژە نوێ و کاراکانی بواری فێربون و فێرکردن.

٢- بەســودە بۆ وەزارەتی پەروەردە لەبەرئەوەی زانیاری و داتای پێویســت دەربارەی ســتراتیژە نوێ و کاراکانی بواری فێربون و فێرکردن دەخاتە بەردەستیان دەربارەی پرۆسەی وانەوتنەوە.

٣-بەســـودە بۆ پســـپۆڕان و ســـەرپەرشـــتیارانی پەروەردەیی چونکە لەڕوانگەی ئەنجامەکانیەوە بەرچاوڕوندەبن بە زانیاری پێویســـت دەربارەی ســـتراتیژە نوێیەکان لە پرۆســـەی وانەوتنەوەی بابەتی مێژودا.

٤-بەســودە بۆ بەڕیوەبەری خوێندگەکان تا لەڕێگەیەوە ئاشــنابن و زانیاری پێویســتیان هەبێت دەربارەی توێژینەوە نوێیەکان لەبواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مێژو.

٥- لە ڕوانگەی دەرەنجامەکانییەوە بەســودە بۆ توێژەران و ئەکادیمســتان و پســپۆڕانی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مێژو جگەلەوەی دەبێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی پەرتوکخانەی کوردی لەبواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و فێرکردندا.

دوەم: لەڕوی پراکتیکییەوە:

١- بەسـودە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانسـتی لەبەرئەوەی مامۆسـتایانی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتی مێژو دەتوانن بە شێوەیەکی کرداری لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دام و دەزگا ئەکادیمەییەکانی وەک (زانکۆ و پەیماناگاکان) بەکاریبهێنن.

٢- بە سودە بۆ وەزارەتی پەروەردە چونکە بە شێوەیکی کرداری لە خولی راهێنان و شیاندنی مامۆ ستایان و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی قۆناغی ئامادەیی بەتایبەتی بابەتی مێژو بەشداری دەکات.

٣-بەســـودە بۆ بەڕیوەبەری خوێندنگەکان تا بەشـــێوەیکی کرداری و لەڕێگەی ئەنجامدانی ســـیمیناری زانستییەوە مامۆستایانی خوێندگەکانیان بە ستراتیژە نوێیەکان و گرنگی بەکارهێنانیان ئاشنابکەن.

٤- بەســـودە بۆ مامۆســـتایانی بابەتی مێژو لەقۆناغی ئامادەیی بە تایبەت قۆناغی دەیەم، لەبەرئەوەی لەڕوانگەی دەرئەنجامە کانیەوە دەتوانن هەردو ســـتراتیژ بەشـــێوەی کرداری لەپرۆســـەی وانەوتنەوە بەکاربهێنن.

٥-بەســـودە بۆ خوێند کاران لەبەرئەوەی لەڕێگەی دەرئەنجامە کانیەوە هاو کاردەبێت لە گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی.

## ١-٤ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە:

(زانین و دەرخســـتنی جیاوازی لەنێوان گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە بەســـتراتیژی شـــەش ڕەهەندی (PDEODE)و گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە بە ستراتیژی سوم (SWOM) و گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە بە ڕێگای ئاســـایی دەخوێنن لە لەتاقیکردنەوەی پاشـــەکی گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی و تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی هەریەک لەگروپەکاندا.

## ١-٥ گریمانەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوە دەدۆزرێتەوە لەڕێگەی ئەم گریمانانەی خوارەوە:

یەکەم: گریمانەی سەرەکی یەکەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سـەرئاسـتی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) وناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) و نـاوەنـدی ژمێریـاری نمرەکـانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بـابەتەکە دەخوێنن بە ڕێگەی ئـاســـایی ی لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

١-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەرئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) و ناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

٢-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەرئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) و ناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بەڕێگای ئاسایی لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

٣-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەرئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنند بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) و ناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بەڕێگای ئاسایی لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

دوەم: گریمانەی سەرەکی دوەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) وناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) و ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویدا.

١- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەر ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویدا.

٢-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەر ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنند بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوییدا.

٣-جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەر ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بەڕێگای ئاسایی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویدا.

## ١-٦ سنوری توێژینەوەکە

سنوری توێژینەوەکە پێکدێت لە:

١- سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی دەیەمی وێژەیی لە (ئامادەیی تاڤانی کچان) سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات.

٢-سنوری بابەت: پێنج بەشی سەرەتا (یەکەم- دوەم- سێیەم- چوارەم- پێنجەم) لەپەرتوکی مێژویی شارستانییەکان- پۆلی دەیەمی وێژەی- لاپەڕە (١-١٠٠)، چاپی شازدەهەم (٢٠٢١)ز کە دەرچوە لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.

٣-سنوری کات: وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندن (٢٠٢٢- ٢٠٢٣)ز.

٤-سنوری شوێن: ئامادەیی تاڤانی کچان - هەرێمی کوردستان/ عێراق- ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

## ١-٧ پێناسەی چەمک و زاراوەکان

١-٧-١ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE)

-(Savander and kolari-2003) پێناسەی دەکەن بە "ستراتیژێکی فێرکارییە لەسەر تیۆری بونیادی وەستاوە کە هەنگاوەکانی پێکدێت لەشەش هەنگاو ئەوانیش: (پێشبینی –Prediction ، گفتوگۆ-Discus ، ڕاڤەکردن- Explain، تێبینی Observe، گفتوگۆ-Discus ، ڕاڤەکردن- Explain)". Savander and kolari-2003, 189-194)

-(قطامی ٢٠١٣)پێناسەی دەکات بە"ستراتیژێکی وانەوتنەوەی گرنگ لەبەرئەوەی کەشێکی پاڵپشتیکار دەڕەخسێنێت بۆ گفتوگۆ و بۆچونی جیاواز و هەمەجۆر بەمەبەستی یارمەتیدانی خوێندکار بۆ تێگەیشتن لە ڕوداوەکانی ڕۆژانە". (قطامی ٢٠١٣، ٣٨٣) توێژەران هاوڕان لەگەڵ پێناسەی تیۆری(قطامی - ٢٠١٣)

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) بریتییە لە' ستراتیژێکی گرنگی فێرکاریە کەپشت بەستە بەتیۆری بینایی و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بە هاوکاری کردن و پاڵپشتکردنی کەشێکی گفتوگۆ ئامێزی زانستی لەپۆلدا بەمەبەستی خستنەڕوی بۆچونە زانستییەکان بۆتێگەیشتن لەچەمک و کارامەییە زانستییەکان لەڕێگەی هەنگاوەکانییەوە کە بریتیین لە پێشبینی –Prediction، گفتوگۆ-Discus، ڕاڤەکردن -Explai، تێبینی Observe، گفتوگۆ-Discus، ڕاڤەکردن- Expla "

١-٧-٢ ستراتیژی سوم (SWOM)

-(العدوان و احمد: ٢٠١٨) پێناسەی دەکەن بە "کۆمەڵێک ڕێکار و چالاکی فێرکاریی ڕێکخراو و پەیوەندیدارە پێکەوە لەشێوەی کارامەیی بیرکردنەوە، بەئامانجی بەدەستهێنانی کۆمەڵێک بۆچون و زانیاری پێویست لە

هەڵوێســـتێکی فێرکاری دیاریکراودا. کارامەییەکانی بریتین لە: (پرســـیار، بەراوردکاری، دانانی گریمانە، پێشبینی، چارەسەرکردنی گرفت، بڕیاردان)". (العدوان و احمد: ٢٠١٩، ٤٣٥)

(Hussein&Firas-2020) پێناسەی دەکەن بە "یەکێکە لەوستراتیژانەی کە کار دەکات لەسەر گەشەپێدان و یارمەتیدانی خوێندکار بۆ فێربون بە هاندان و جەختکردنەوە لەســەر کارامەیی بیرکردنەوە لە پرۆســەی فێربوندا". (Hussein&Firas:2020,25) توێژەران هاوڕان لەگەڵ پێناســـەی تیۆری (العدوان و احمد: ٢٠١٨)

پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ ستراتیژی سوم (SWOM) بریتییە لە "ستراتیژێکی فێرکارییە لەچوارچێوەی کۆمەڵێک ڕێکاری ڕێکخراودا کە کار لەســـەر گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەکانی خوێندکار دەکات. لەڕێگەی کارامەییەکانیەوە کە بریتین لە: (پرسیار، بەراوردکاری، دانانی گریمانە، پێشبینی، چارەسەرکردنی گرفت، بڕیاردان)"

١-٨-٥ کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی- (Historical thinking skills (HTS

-(خریشــە:٢٠٠٤)پێناســـەی دەکات بە "توانای خوێندکارە لەتێگەیشــتن و وەرگرتنی ڕاســتییە مێژووییەکان لەڕێگەی بیرکردنەوە، بەجۆرێک توانای هەبێت لەشـیکردنەوەی پەیوەندییەکان، ڕاسـتییەکان، کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بەڵگە مێژووییەکان لەسەرچاوە سەرەکی و لاوەکییەکاندا. بەڕاڤەکردنی بۆچونە جیاوازەکان و بڕیاردان دەربارەیان، جێبەجێکردنی چەمکە نادیارەکان لەمیانی گەشـــەپێدانی هۆکار و دەرئەنجامەکان پاڵپشت بە بەڵگە کە پۆلێندەکرێت بە پێنج کارامەیی سەرەکی ئەوانیش: ڕیزبەندی کات، تێگەیشتنی مێژوویی، ڕاڤەوشـــیکردنەوەی مێژوویی، لێکۆڵینەوەی مێژوویی، شـــیکردنەوەی بـابەتە مێژووییەکـان و بڕیـاردان دەربارەیان". (خریشە: ٢٠٠٤، ١٥٩)

-(Talin:2015) پێناسەی دەکات کە "بریتییە لە توانای هزری خوێندکار کەهۆکارە بۆ تێگەیشتنی ڕاستییە ئاڵۆز و نادیارەکان ئەوانەی پەیوەندیدارن بەژیانی ئێســـتاوە، ئەمەش هۆکارە بۆ دەرخســـتنی گرنگی ئەم کارامەییە و بەرجەستەکردنی لەپرۆسەی فێرکردنی بابەتە مێژووییەکاندا". (Talin:2015,16)

توێژەران هاوڕان لەگەڵ پێناسەی (خریشە:٢٠٠٤)

- پێنـاســـەی ڕێکـاری توێژەربۆ (کـارامەییەکـانی بیرکردنەوەی مێژوی) بریتییە لە "توانـای خوێنـدکـار لەتێگەیشـتنی ڕاسـتییەکان و چەمکە نادیارەکان لەڕێگەی پرۆسـەیەکی هزرییەوە ئەمەش هۆکارێکی گرنگە لەپرۆسەی فێربون و فێرکردنی بابەتی مێژو بەتێگەیشتن لەڕوداو بابەتە مێژووییەکان، لە ڕێگەی ئەوپۆلێنەی کە مێژونوســـان بۆکارامەییە ســـەرەکییەکان دیاریان کردوە کە بریتین لە: ڕیزبەندی کات، تێگەیشـــتنی مێژوویی، ڕاڤەوشـیکردنەوەی مێژوویی، لێکۆڵینەوەی مێژوویی، شـیکردنەوەی بابەتە مێژووییەکان و بڕیاردان دەربارەیان).

## بەشی دوەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢-١-١ چەمک و واتای ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE)

ســـتراتیژی شـــەش ڕەهەندی یەکێکە لە ســـتراتیژە گرینگەکانی فێرکردنی بونیادی کە جەخت دەکاتەوە لە سەر چالاک کردنی ڕۆڵی ئەرێنی خوێندکار لەناو پۆلدا ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە دۆخێکی ناهاوسەنگ لەنێوان شارەزای ڕابردو و ئەو شارەزاییانەی کە نوێن و مامۆستا دەیدات بەخوێندکاران دروست دەبێت، لەم کاتەدا خوێندکار پرۆسە مەعریفییەکانی گەڕان، ڕاڤە، شیکردنەوە، کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجام دەدات لە ڕێگەی گرتنەبەری چەند ڕێکارێکی یەک لەدوای یەک کە خۆی دەبینێتەوە لە شـــەش هەنگاو ئەوانیش (پێشـــبینی، گفتوگۆ، ڕاڤەکردن، تێبینیکردن، گفتوگۆ، ڕاڤەکردن). (عبدالســـلام: ٢٠٢١، ١١٥)، ئەم ســـتراتیژە لەلایەن (Savander- Ranne& Kolari-2003) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (٢٠٠٣) پێشنیازکراوە و لەلایەن (Kolari et al.) بۆیەکەمجار لە ســـاڵی (٢٠٠٥) لە بواری پەروەردەدا بەکارهێنراوە، گرنگی ســـتراتیژەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەشێکی گفتوگۆ ئامێزی زانستی دەڕەخسێنێت بۆ خستنەڕوی بۆچونی جیاواز و جۆراوجۆر، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ چارەســـەرکردنی ئەو گرفت و کێشـــانەی کە ڕوبەڕوی خوێندکار دەبێتەوە. ئەم ســـتراتیژە لە شـــەش هەنگاوی زانســـتی یەک لە دوای یەک پێکهاتوە کە هەمویان پێکەوە ســـتراتیژەکە پێکدەهێنن و هەریەک لە پیتەکانی ســـەرەتای هەر وشـــەیەکی ئینگلیزی لە هەنگاوەکاندا واتا و مانایەکی دیاری کراوی هەیە بەم شـــێوەیە: (پێشـــبینی – P، گفتوگۆ- D، ڕاڤە - E، تێبینی - O، گفتوگۆ- D، ڕاڤە - E).(Costu:2008, 4)، ســـتراتیژی (شـــەش ڕەهەندی-PDEODE) پاش گۆڕانکاری لە ستراتیژی (P-O-E) سەری هەڵداوە و لەسەرەتادا لە ساڵی (١٩٩٢)ز لەلایەن وایت و جونستان ( White and Gunstone-1992) ئەم ستراتیژەیان دامەزراندوە کە لە ســـەرەتادا تەنها لە ســـێ هەنگاو پێکهاتوە ئەوانیش بریتیی بون لە (پێشـــبینی – P، تێبینی - O، ڕاڤە – E) ئەم ســـێ هەنگاوەش یارمەتیدەر بوە بۆ وەرگرتنی چەمکە زانستییەکان. (ابراهیم: ٢٠٢٠، ١٨٢)، (Costu-2008) پێیوایە ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) (یەکێکە لە ســـتراتیژە گرینگەکانی فێرکاری کە تیایدا دەتوانرێت ژینگەیەکی گونجاو فەراهەم بکرێت بۆیارمەتیدانی خوێندکار تا درێژە بە گفتوگۆ زانســـتییەکانیان بدەن و بیروڕاجیاوازەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن دەربارەی ئەو بابەتەی کە خراوەتەڕو). (Costu-2008، 4)

### ٢-١-٢هەنگاوەکانی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE)

هەنگاوەکانی ســـتراتیژی شـــەش ڕەهەندی بریتیین لە: (Costu:2008,4)، (قطامی: ٢٠١٣، ٤٢٣-٤٢٤)، (الکبیسی، عبدالعزیز-٢٠١٦، ٨١):

هەنگاوی یەکەم : پێشبینی (التنبؤ – Prediction)

بریتییە لە توانای پێشـــبینیکردن دەربارەی دیاردەیەک یان بۆچونێک بەوێناکردنێکی هزری کە هەمو زانیارییەکانی خوێندکاری تێدابەکاردێت، بەم شێوەیەش مامۆستا دیاردەیەک یان یان بۆچونێکی دیاریکراو پەیوەســت بە بابەتی خوێندن پێشــکەش دەکات و بوار دەدات بە خوێندکاران تا بەشــێویەکی تاکی بیری لێبکەنەوە و پێشبینی و هۆهێنانەوە بۆپێشبینییەکانی خۆیان بخەنەڕو.

هەنگاوی دوەم: گفتوگۆ (المناقشة – Discuss)

هەمو ئەوچالاکی و کارانە لەخۆیدەگرێت کە دەبێتەهۆی گۆڕینەوەی بیروبۆچونەکان و گفتوگۆیەکی ورد و زانســـتیانە دەربارەی ئەو دیاردە و بۆچونەی خرایەڕو لە نێوان خوێندکاراندا، ئەم هەنگاوە لەناوەڕۆکدا پشت بە وتوێژ دەبەستێت.

هەنگاوی سێهەم: ڕاڤەکردن (التفسير– Explain)

لەم هەنگاوەدا داوا لە خوێندکاران دەکرێت بگەن بەچارەســـەرێکی هەروەزی دەربارەی دیاردەکە یان پرســـیارە ئاراســـتەکراوەکە و دەرئەنجامەکانیان دەگۆڕنەوە لەگەڵ گروپەکانی تردا ئەویش لەڕێگەی گفتوگۆیەکی بەکۆمەڵ لەناو پۆلدا.

هەنگاوی چوارەم: تێبینی (الملاحظة – Observe)

لەم هەنگاوەدا خوێندکارەکان کاردەکەن لەســـەر ئەزمونەکانیان بەشـــێوازی گروپ و تێبینییەکانیان تۆمار دەکەن کە لە میانەی ئەزمونەکانیان پێی گەشـــتن پاشـــان خوێندکارەکان تێبینی ئەوگۆڕانکاریانە دەکەن کە ڕویانداوە مامۆســـتا ئاراســـتەیان دەکات بۆ ئەو تێبینیانەی کەوابەســـتەن بە چەمک و بۆچون و دیاردەی مەبەستدارەوە.

هەنگاوی پێنجەم: گفتوگۆ (المناقشة – Discuss)

لەم هەنگاوەدا مامۆستا ئاماژەدەکات بۆ گۆڕانکاری لە پێشبینییەکانیان لە ڕێگەی ئەو تێبینیانەی کە هەیە لە هەنگاوەکانی پێشو ئەمەش پێویستی بە توانای شیکردنەوە و بەراوردکاری و ڕەخنە گرتنە لەهاوپۆلەکانی لابردنی بۆچون و پێشبینیە هەڵەکان و هێشتنەوەی ڕاسترین بۆچون.

هەنگاوی شەشەم: ڕاڤەکردن (التفسير– Explain)

لەم هەنگاوەدا خوێندکار ڕوبەڕوی ســـەرجەم گفتوگۆ و بیروبۆچونە جیاوازەکان دەبێتەوە کە لە تێبینی و پێشبینیەکاندا هەیە و خوێندکار دەگاتە چارەسەری دژیەکییەکان کە لە بیروبۆچونەکاندا هەیە.

### ٣-١-٢ چەمک و واتای ستراتیژی سوم (SWOM)

ئەم ستراتیژە بەهاوبەشی لەلایەن بەڕێوەبەری سەنتەری نیشتمانی بۆ بیرکردنەوە لە (بۆستن) لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پرۆفیسۆر ڕۆبەرت سوارتز(Robert Swartz) و بەڕێوەبەری سەنتەری فێرکردنی بیرکردنەوە و گەشـــەپێدانی بەهرەداران لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی دامەزراوە. (الزبيدي: ٢٠١٩، ٤٠١)، مەبەســـت لە ســـتراتیژکە بریتییە لە پێکهاتەیەکی فێرکاری کە شـــارازایانی ئەم بوارە پێی دەڵێن نمونەی گونجاو و فراوان یان گشـتگیر بۆ هەرخوێندگەیەک، کورتکراوەی سـتراتیژەکە بریتییە لە وشـەی (سـوم- SWOM) ئەویش بە دانانی پیتی یەکەمی هەر وشـــەیەک لە ناوی ئینگلیزی ســـتراتیژەکە کە بریتییە لە (School Wide Optimum Model) ناوی ستراتیژەکە لە دو بەش پێکهاتوە (WS) کە دو پیتی یەکەمی وشەی (Swartz)، بەشی دوەمی پێکهاتوە لە (OM) دوپیتی یەکەمی (Omar). لە گرنگترین جیکارییەکانی ئەم ســـتراتیژە ئاســـانی مامەڵە کردنە لەگەڵیدا چونکە زۆر ڕون و وردە لە هانگاو بنەماکانیدا، کە وێنای کۆمەڵێک بیرۆکە و پرسیاری ڕێکخراو دەکات و مامۆستا لەسەری دەڕوات لەکاتی وانەوتنەوەدا.(عبدالسلام: ٢٠٢١، ٢٣٩-٢٤٠)، ئەم سـتراتیژە کاردەکات لەســەر هاندانی خوێندکار بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەک کارامەیی کە لەڕێگەیەوە زانیارییەکان بەدەســـتدەهێنێرێت لە بابەتە فێرکارییەکاندا و وروژاندی پرســـیار و دانانی گریمانە بۆ چارەســـەرکردنی گرفتەکان هەروەها هاندانی بۆ پراکتیزەکردنی کارامەییەکانی ڕەخنەگرتن، هەڵسەنگاندن، هاوسەنگی، شیکردنەوە بەجۆرێک پرۆسەی بڕیاری لێبکەوێتەوە، ئەمەش وەستاوە لەسەر پێکەوە بەستنی کارامەییەکانی بیرکردنەوە و پرۆسە هزرییە بەدەستهاتوەکان و کارامەییەکان بەشێوەیەکی ڕون و دیاریکراو لە وتنەوەی پرۆگرامێکدا. (الهاشمي و الدليمي : ٢٠٠٨، ١٤١)

### ٢-١-٣-١هەنگاوەکانی ستراتیژی سوم (SWOM)

هەنگاوەکانی سـتراتیژی سـوم (SWOM) بریتین لە (الیاسـری و ئەوانیتر- ٢٠١٩، ٨٩)،(عبدالسـلام: ٢٠٢١، ٢٤٢-٢٤٣)، (Qays & Qasim : 2021, 557)

هەنگاوی یەکەم: کارامەیی پرسیار (مهارة التساؤل - Questioning skill)

بریتییە لە خستنەڕوی پرسیار پێش یان لەپاش یان لە کاتی کرداری فێرکردندا، ئەمەش دەبێتەهۆی ئاسانی تێگەیشتنی فێرخواز و وەستانی لەسەر ڕەگەزە گرینگەکانی بابەتە فێرکارییەکە و بیرکردنەوە و تێرامان لە بابەتەکە پاشان پێکەوەگرێدانی زانیارییە کۆن و نوێکان.

هەنگاوی دوەم: کارامەیی بەراوردکاری (مهارة المقارنة - Comparative skill) بەمانای زانینی لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان ئەوزانیارییانەی کە دراوە و ئەوزانیارییەی کە بەشـــوێنیدا دەگەڕێن ئەمەش

یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ ڕێکخستنی زانیارییە نوێیەکان و بەیادسپاردنیان بەجۆرێک بتوانرێت بێتەوە یادی، ئەمەش هاوکار دەبێت لە گەشەسەندنی لایەنی مەعریفی.

هەنگاوی سێهەم: کارامەیی دانانی گریمانە (مهارة تولید الاحتمالات Prospecting skill)

بریتییە لەتوانای دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ لەپێناو دوبارە ڕێکخستنەوەی ئەو زانیاریانەی کە هەیە و بەدیهێنانی ڕێگەچارەی نوێ. ڕێکخستنی تواناکان بۆ بەکارهێنای مەعریفەی پێشتر و زیادکردنی زانیارییە نوێیەکان بەشێوەیەکی بونیادی، خوێندکارەکان زانیارییە نوێیەکان و کۆنەکان پێکەوە گرێبدەن لە ڕێگەی بونیادێکی بەهێزی بیرو بۆچونەکانەوە.

هەنگاوی چوارەم: کارامەیی پێشبینی (مهارة التنبؤ - Prediction skill)

هەوڵدەدرێت بۆ بەدەستهێنای کۆمەڵێک دەرئەنجامی فێرکاری کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە دەرئەنجامێک پێشبینی بکات لە داهاتودا دوای ئەنجامدانی چالاکی و خوێندنەوەی جیاواز، بەجۆرێک بتوانێت پێشبینی ڕێگەچارەیەک بۆ بابەتێک یان کێشەیەکی دیاریکراو بکات ئەم قۆناغە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕوی گریمانەکان بۆکێشەیەکی دیاریکراو.

هەنگاوی پێنجەم: کارامەیی چارەسەرکردنی کێشە (مهارة حل المشکلات - Problem-solving skill)

کردارێکە تیایدا خوێندکار هەمو ئەوزانیاری و کارامەییانەی کەهەیەتی بەکاری دەهێنێت بە ئامانجی لادانی ئەو ناڕونیانەی کە هەیە لە گرفتەکەدا لەڕێگەی چەند هەنگاوێکی دیاریکراوەوە کە یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی توانا هزرییەکان لای خوێندکار بەمەبەستی گەشەپێدان بە تواناکانی باوەڕبەخۆبون، بیرکردنەوە، دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

هەنگاوی شەشەم: کارامەیی بڕیاردان(مهارة اتخاذ القرار-Decision-making skill)

بریتییە لە پرۆسەیەکی هزری کە تیایدا بڕیاری هەڵبژاردنی هۆشمەندانە لە نێوان ئەو چارەسەرانەی کە هەیە لە هەڵوێستێکدا دەدرێت بە هەڵبژاردنی باشترین ڕێگەچارە. ئەو ڕێگەچارەیەش کە هەڵدەبژێرێت لە ژێر ڕۆشنای کۆمەڵێک پێوەردایە کە پێشتر بە بڕیاردان بەدەست هاتوە لەڕێگەی کرداری بیرکردنەوەوە کە ئامانجی دیاریکردنی باشترین ڕێگە گونجاوەکانە بۆ هەڵبژاردنی باشترین چارەسەر لە هەڵوێستێکدا.

## ٢-١-٧ چەمک و ناساندنی مێژو کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی

مێژو بریتییە لە تۆمار و یاداشتە گرینگەکانی ڕابردو لەلایەن کەسێکەوە کە بەمێژونوس ناودەبرێت، ئەو کەسەی کە هەوڵ دەدات بەپێی توانا و شارەزای و لێهاتوی خۆی ڕاستی ئەو ڕوداوانە بگێڕێتەوە و تیشک بخاتە سەر کات، شوێن، هۆکارەکانی ڕودانیان، پەیوەندییان پێکەوە، کاریگەریان لەسەریەک و ڕوداوەکانی داهاتو نیشان بدات. (ئیبن ئەسیر: ٢٠١٠، ٩)، لەبەرئەوە مێژو بریتییە لە بابەتێکی گرینگ کە پێویستە لە

لایەن مامۆســتایانی پســپۆڕی بابەتەکەوە بە ئامادەکاری پێویســتەوە لە پۆلدا بوترێتەوە و مامۆســتایانی وانەکە بنەمایەکیان هەبێت بۆ بەدیهێنانی بیرکردنەوەی مێژویی لای خوێندکار لە پرۆســـەیەکی ڕێکخراوی فێرکردن و بەرەوپێشـــبردنێکی هزریانەدا بەمەبەســـتی تێگەیشـــتنی خوێندکارو گەشـــەپێدانی تواناکانی. (Pedro&Carrasco: 2016, 131)، (Whitaker-2003) پێیوایە کارامەییەکانی بیرکردنەوەیی مێژویی شـــێوازێکی وانەوتنەوەی مێژوە کە هانی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوە لە ڕابردو بە ڕێگایەک کە لە گۆشـــەنیگای جیاوازی مرۆڤەکانەوە کە لە ســـەردەمانی جیاوازدا ژیاون لە ڕوداوەکانی مێژو بڕوانرێت، تاوەکو بتوانرێت شـــیکردنەوە و ڕاڤەی ڕوداوە مێژوییەکان بکرێت بەجۆرێک کە بارودۆخی ڕابردو لە بەرچاوبگیرێت. (Whitaker-2003, 871)، بوارە ســـەرەکییەکانی بیرکردنەوەیی مێژویی بریتین لە پێنج بوار ئەوانیش: ڕیزبەندی کات: بریتیی لە توانای خوێندکار بۆ جیاکردنەوەی ڕابردو ئێســـتا و داهاتو ڕێکخســتنی ڕوداوەکان بەپێی کات، دیاریکردنی تایبەتمەندی ماوەیەکی دیاریکراو، ئەو بەشـانەی کە لەپێش و دواویەوە دێن و پەیوەســتکردنی ڕوداوەکان بە ڕیشــەی ڕابردوەوە، پێشــبینیکردنی ڕوداوەکانی داهاتو لەژێر ڕۆشــنایی ڕوداوەکانی ئێســتاو ڕابردو، تێگەیشــتنی مێژویی: بریتییە لە توانای خوێندکار بۆ دوبارە واتا بەخشـــینەوە بەڕوداوێکی مێژویی و خســـتنەناو ئەو چوارچێوەیەی کە تیایدا ڕویداوە، دیاریکردنی پرســـیارە ســـەرەکییەکان و گفتوگۆی گۆشـــەنیگا جۆراوجۆرەکان کە پەیوەندیدارە پێیەوە، دیاریکردنی هۆکارو دەرئەنجامی ڕوداوەکان، شـیکردنەوە و ڕاڤەی مێژویی: بریتییە لە توانای خوێندکار بۆدیاریکردنی چەندێتی لە ڕاستێتی ڕوداوەکان و بەراوردکردنی بەسەرچاوەکانیتر و جیاکاری لە نێوان ڕاستێتی و ڕاڤە مێژوییەکەی، دیاریکردنی هۆکار و دەرئەنجام و شـیکردنەوەیان، دارشـتنی گریمانەکان دەربارەی ڕوداوە مێژوییەکان، توانای لێکۆڵینەوەی مێژویی: بریتییە لە توانای خوێندکار بۆ دارشـتنی پرسیارەکان دەربارەی ڕوداوەکان و ســـەرجەم زانیارییەکان دەربارەی ڕوداوەکە لەســـەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا و دیاریکردنی کەموکوڕییەکان و گەیشـــتن بەڕاڤەیەکی مێژویی گونجاو، شـــیکردنەوەی ڕوداوە مێژوییەکان و بڕیاردان دەربارەیان: بریتییە لەتوانای خوێندکار بۆ دیاریکردنی بابەتە مێژوییەکان و ئەو هۆکارانەی بۆتە هۆی دەرکەوتنیـان و جیـاکـاری لە نێوان ئەو هۆکـارانەی کە پەیوەنـدیـدارە بەڕوداوە مێژوییەکـانەوە و ئەو هۆکارانەشـــی کە هیچ پەیوەندیان نییە، هەڵســـەنگاندنی کاریگەری بڕیارە خێراو و دورمەوداکان لە ڕوداوە مێژوییەکاندا، بڕیاردانی دروست دەربارەی هەندێک بابەت و شیکردنەوەی ئەو بڕیارانەی کە بونەتە هۆی ئاراستەکردن و گۆڕانکاری لە مێژودا، دیاریکردنی ئەو جێگرەوانەی کە لە بەردەستدا بون بۆ بڕیاردان لە ڕوداوە مێژوییەکاندا. (خریشە: ٢٠٠٤، ١٥٩-١٦٠)

## ٢-٢-٣ توێژینەوەكانی ڕابردو

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر و وڵات و ساڵی ئەنجامدان | ئامانجی توێژینەوەكە | كۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەكە | كەرەسەتەكانی توێژینەوەكە | ئامرازە ئامارییەكان | ئەنجامی توێژینەوەكە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | كاریگەریی ئینتەرنێت و كورتە ڕاپۆرت لە سەر وەرگرتنی چەمكە مێژووییەكان و گەشەپێدانی كارامەییەكانی بیركردنەوەیی مێژوویی لای خوێندكارانی بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان | حمە مراد، عێراق-كوردستان-هەولێر-٢٠١٨ز سەرچاوە: (حمە مراد، كریم احمد عزیز، (٢٠١٨)، ل آ-ج) | زانینی كاریگەریی ئینتەرنێت و كورتە ڕاپۆرت لەسەر وەرگرتنی چەمكە مێژووییەكان و گەشەپێدانی كارامەییەكانی بیركردنەوەیی مێژوویی لای خوێندكارانی قۆناغی سێهەمی بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە | سەرجەم خوێندكارانی بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان (خوێندنی بەیانیان) نمونەی توێژینەوەكە پێكهات لە (٤٥) خوێندكار. بۆ گروپی كۆنترۆڵكراو (١٥) خوێندكار و بۆ گروپی ئەزمونگەری یەكەم (١٥) خوێندكار، گروپی ئەزمونگەری دوەم (١٥) خوێندكار | ئامادەكردنی تاقیكردنەوەی كارامەییەكانی بیركردنەوەی مێژوویی بە (٤٠) بڕگە، تاقیكردنەوەی وەرگرتنی چەمكە مێژووییەكان بە (٤٥) بڕگە. | بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماری (ئەنۆڤا) بۆ هەرسێ گروپی تاقیكاری، هاوكۆلكەی دوجای (كای) (٢X)،هاوكۆلكەی قورسی بڕگەكان، هێزی جیاكاری بڕگەكان، كارای جێگرەوە هەڵەكان،هاوكۆلكەی ئاماری پێرسۆن، هاوكۆلكەی ئاماری سپیرمان براون، تاقیكردنەوەی شیفیە، كێشی سەدی، هاوكۆلكەی نێوەندی یەكلایكەرەوە.بەرنامەی ئاماری spss | سەركەوتنی گروپی ئەزمونگەری یەكەم (ئینتەرنێت) بەسەر هەردو گروپی ئەزمونگەری دوەم (نوسینی كورتە ڕاپۆرت) و گروپی كۆنترۆڵكراوله ئەزمونگەری كارامەیی بیركردنەوەی مێژوی. سەركەوتنی گروپی ئەزمونگەری دوەم (كورتە ڕاپۆرت) بەسەر هەردو گروپی ئەزمونگەری دوەم (ئینتەرنێت و (كۆنترۆڵكراو) لە تاقیكردنەوەی (وەرگرتنی چەمكە مێژووییەكان). |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | زانکۆی گەرمیان لە بابەتی مێژووی نوێی کورد | | | | |
| ٢ | کاریگەریی ستراتیژی (لوحات المعلقة) لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لای خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی | الوکاع، عێراق، پارێزگای سەلاحەدین، ٢٠١٩ز سەرچاوە: (الوکاع، عبدالله حسن عطاء الله، (٢٠١٩)، ل٢٨٩-٣٠٥) | زانینی کاریگەریی ستراتیژی (لوحات المعلقة) لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لای خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی | خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سەلاحەدین. نمونەی توێژینەوەکە (٦٣) خوێندکاربو لە قوتابخانەی (النهاریة) لە پارێزگای سەلاحەدین (٣٣) خوێندکار لە گروپی ئەزمونگەری و (٣٠) خوێندکار لە گروپی کۆنترۆڵکراو. | ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی مێژوویی بە (٣٠) برگە. | تاقیکردنەوەی تائی- (t.Test) هاوکۆلکەی ئاماری کیودر ریتشاردسون، هاوکۆلکەی قورسی برگەکان، هێزی جیاکاری برگەکان، ناوەندی ژمێرەی، لادانی پێوەری. بەرنامەی ئاماری SPSS | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە سەرئاستی (٠،٠٥) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لای خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لە بەرژەوەندی گروپی ئەزمونگەری. |

### ٢-٢-٥ سودی توێژینەوەکانی پێشتر

لەئەنجامی وردبونەوە و خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشتر توێژەر لە چەند خاڵێکدا سودی لە توێژینەوەکان بینی لەوانە:

١- دیاریکردنی گرنگی و گرفتی توێژینەوەکە.

٢- چۆنیەتی داڕشتنی ئامانجەکان و گریمانەکانی توێژینەوەکە.

٣- دیاریکردنی دیزاینی توێژینەوەکە و هاوتاکردنی گروپەکان.

٤-دەستنیشانکردنی کۆمەڵگە و قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە.

٥- کۆکردنەوەی زانیاری پێویست دەربارەی هەردو ستراتیژیی (شەش ڕەهەندی -PDEODE – سوم – SWOM) وەک دو ستراتیژی گرینگی بواری فێرکاری و وانەوتنەوە.

## بەشی سێهەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### ٣-١میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی نیمچە ئەزمونی، پشت بەست بە سێ گروپی هاوتا.

### ٣-٢ دیزاینی ئەزمونگەری

دیزاینی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەیەکی پێشەکی و پاشەکی بۆ هەریەک لەگروپەکانی توێژینەوەکە لەگۆڕاوی بیرکردنەوەی مێژوییدا بەو شێوەیەی کە لەخشتەی ژمارە (١) دیارە.

خشتەی ژمارە (١)

دیزاینی ئەزمونگەری توێژینەوەکە

| گروپەکان | ژمارەی خوێندکار | تاقیکردنەوەی پێشەکی | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ |
|---|---|---|---|---|
| گروپی ئەزمونگەری یەکەم | ٢٠ | گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوی | ستراتیژی شەش رەهەندی | گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوی |
| گروپی ئەزمونگەری دوەم | ٢٠ | | ستراتیژی swom | |
| گروپی کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | | ڕێگای ئاسایی | |

### ٣-٣کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە خوێندنگە ئامادەییەکانی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)ز بە مەبەستی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە خوێندگەی ئامادەیی تاڤانی کچان دیاریکرا لە سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەیی ڕۆژهەڵات پاش وەرگرتنی ڕەزمەندی بەڕێوەبەرێتی پەروەردە. لە ناوندی پارێزگای سلێمانی بەشێوەیەکی مەبەستدارلەسێ پۆلی خوێندندا کە ژمارەی

خوێندکاران بریتیی بو لە (٦٠) خوێندکار و دابەش ببون بەســەر ســێ پۆلی خوێندندا بۆ هەر پۆلێک (٢٠) خوێندکار.

### ٣-٤هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە

هاوتای لەنێوان گروپەکانی توێژینەوەکە لەچەند گۆڕاوێک دیاریکرا لە پۆلەکانی (آ-ب-ج)، پاشان دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە بۆسەرجەم گۆڕاوەکان لەبەرئەوەی سەرجەم گۆڕاوەکان بچوکترن لەئاستە ئاماژەییەکانیان کە بریتیین لە گۆڕاوی تەمەن (٢٤،._٧٨،.)، نمرەی کۆتای ساڵی پێسو لەبابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (٤٣،._٠٩٥)، کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی (٠٣٦، ٠_٩٦٤، ٠)، مەعریفەی پێشو (٠،٠٠٣_ ٠،٩٦)ئاستی زیرەکی (٠،٠٠٤_٠،٠٠٩) و بەهای (ف)ی خشتەی بۆ سەرجەمیان بریتییە لە (٣،١٦) بە نمرەی ئازادی (٢-٥٧) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بۆ ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکان چوار ئاست دیاریکرا بەم شێوەیە: (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، زانکۆ) پاش پێدانی نمرە بەهەر ئاستێک بەهای هاوکێشەی (کای دوجا) (X2) بۆ دایکان بریتییە لە(٠،٠٩٢) کە کەمترە لەئاستی ئاماژەی (١،٩٣) و بەهای خشتەی (١٢،٥٩) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بەنمرەی ئازادی (٦)، هەروەها بەهای هاوکێشەی (کای دوجا) (X2)بۆ باوکان بریتییە لە(٠،٠٩٥) کە کەمتر لە ئاستی ئاماژەی (١،٥٥) و بەهای خشتەی (١٢،٥٩) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، بەنمرەی ئازادی (٦) بەم شێوەیەش دەردەکەوێت کە خوێندکارانی هەرسێ گروپی توێژینەوەکە هاوتان لەسەرجەم ئاستەکاندا بۆیە پۆلی(أ)بە ئەزمونگەری یەکەم و (ب) بەکۆنترۆڵکراو (ج) بە ئەزمونگەری دوەم هەڵبژێران بەشێوەیەکی هەرەمەکی.

### ٣-٥ ئامادەکردنی پێوەری کارامەیی بیرکردنەوەی مێژویی

توێژەرپشت بەست بە ئەدەبیات و هەندێک لەو توێژینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە وەک توێژینەوەکانی (Kay:1998 /الطیار:٢٠١٣/ سلیمان: ٢٠١٥/ کاضم: ٢٠١٥/ سلیمان و اخرون: ٢٠١٧/ حمە مراد: ٢٠١٨/ الوکاع: ٢٠١٩/ الحسناوی: ٢٠١٩/ محمد: ٢٠١٩ / سەنتەری نیشتنمانی مێژو بۆخوێندنگە ئەمریکییەکان) تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد کە پێکهات لە (٥) دەقی مێژویی و بۆهەر دەقێک (٦) کارامەی لاوەکی، دواتر تاقیکردنەوەکە بە (٣٠) بڕگە ئامادەکرا لە هەردو جۆر (هەڵبژاردن لەچەند دانەیەک، گوتاری سنوردار) بەرزترین نمرە لەکاتی وەڵامدانەوە بۆ ئەم ئامرازە بریتییە لە (٥٠) نمرە و نزمترین نمرە بریتییە لە (٠). پاشان بەمەبەستی وردی تاقیکردنەوەکە لەڕوی زانستییەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی سایکۆمیتری بۆتاقیکردنەوەکە دۆزرایەوە دوای ئەوەی جێبەجێکرا بەسەر (١٥٠) خوێندکار وەک ئەزمونی سەرەتایی بە وەرگرتنی ڕێژەی (٢٧٪) کۆمەڵەی نزم و کۆمەڵەی بەرز وەڵامی خوێندکاران لەوانە:

١-ڕاستی تاقیکردنەوە کە: بۆئەم مەبەستە دو جۆر لەڕاستی دۆزرایەوە ئەوانیش ڕاستی ڕواڵەتی بە خستنە بەردەستی پسپۆڕان و شارەزایان لەبوارەکە و بەڕێژەی (٨٥٪) هەڵسەنگێنەران تاقیکردنەوەکەیان پەسەند کرد و پاشان ڕاستی بونیادی بە دەرهێنانی پەیوەندی هەر بڕگەیەک لەگەڵ نمرەی کۆی بڕگەکان دەرهێنراو دەرکەوت سەرجەم بڕگەکان پەسەندن.

٢-بەهای نەگۆڕی تاقیکردنەوەکە: لەڕێگەی دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە بەیاسای هاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن بەهای نەگۆڕی دۆزرایەوە کە بریتیی بو لە (٠،٨٥) بوکە ئەم بەهایەش بۆئەم جۆرە تاقیکردنەوانە بەپەسەند دادەنرێت.

٣ ئاستی قورسی پرسیارە بابەتییەکان و پرسیارە گوتارییەکان دۆزرایەوە بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە کە دەکەوێتە نێوان (٠،٢٠- ٠،٨٠)، ئەم ئاستەش بەباش و پەسەند دادەنرێت بۆئەم جۆرە لەتاقیکردنەوەیە.

٤-هێزی جیاکاری پرسیارە بابەتیەکان و پرسیارە گوتارییەکان دۆزرایەوە و بەهای هەر بڕگەیەک لەبڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لە جۆری بابەتی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک،کە دەکەوێتە نێوان (٠،٣٠- ٠،٥٠) پرسیارە گوتارییەکانیش بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٠،٣٠ -٠،٥٥) کە ئەم بەهایانەش بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە بە پەسەند دادەنرێن.

٥-کارایی جێگرەوە هەڵەکان (گومڕاکان)

بەهای کارای جێگرەوە هەڵەکانی سەرجەم بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دۆزرایەوە کە ئەنجامی سەرجەمیان بە (ناقس-) دەرچون، بەم شێوەیەش سەرجەم جێگرەوەکان شیاوبون بۆ هەربڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە.

### ٣-٦ماوەی ئەزمونەکە

توێژینەوەکە لە ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی (٢٤/ ٩/ ٢٠٢٢)ز،دەستی پێکرد و لەڕۆژی دوشەمە ڕێکەوتی (٢١/ ١١/ ٢٠٢٢)ز کۆتایی بە وتنەوەی بابەتەکان هات، (٢٤) پلانی وانەوتنەوە لەم ماوەیەدا ئامادەکرا بۆهەریەک لەگروپەکان و ڕۆژەکانی (دو شەمە ٢٠٢٢/١٠/٣- شەمە ٢٠٢٢/١٠/٨) پشوی فەرمی بو ئەژمارنەکرا. لەڕۆژی شەمە ڕێکەوتی (٢٦/ ١١/ ٢٠٢٢)ز تاقیکردنەوەی پاشەکی پێوەری کارامەییەکانی بیرکردنەوەیی مێژویی جێبەجێکرا بەسەر هەرسێ گروپی توێژینەوەکەدا.

### ٣-٧هاوکۆلکەی ئاماری

لەم توێژینەویەدا بەرنامەی ئاماری (SPSS) بەکارهات بەجێبەجێکردنی ئەم هاوکۆلکە ئامارییانە (هاوکۆلکەی ئاماری ئاماری(One Way Anova)- هاوکۆلکەی ئاماری (شیفی- Sheffe)- هاوکۆلکەی ئاماری (Paired Samples Test)، هاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن-هاوکۆلکەی گرانی - هێزی جیاکاری- کارای جێگرەوەهەڵەکان، ناوەندی ژمێرەی، لادانی پێوەری)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ٤-١-١خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی سەرەکی یەکەم :

بەمەبەستی وەڵامدانەوەی گریمانەی سەرەکی یەکەم کە بریتییە له (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەرئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) وناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) و ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بە ڕێگەی ئاسایی لەگەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا). پاشان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی خوێندکاران دیاریکرا کە گروپی ئەزمونگەری یەکەم بریتییبو لە (٣٨،٦٥) بە لادانی پێوەری(٦،٢٩)، گروپی ئەزمونگەری دوەم بریتیی بو لە (٣٣،٣٠) بەلادانی پێوەری(٦،٠١)، ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو بریتیی بو لە (٢٣،٣٥)بە لادانی پێوەری (٥،١٨) بەم شێوەیەش دەردەکەوێت کە جیاوازی لە نێوان گروپەکانی توێژینەوەکەدا لە ناوەندی ژمێرەیدا هەیە و توێژەر بۆ دڵنیابونەوە و دەرخستنی ڕادەی جیاوازی نێوان گروپەکان هاوکێشەی ئاماری(One Way Anova)لەنێوان گروپەکان بەکارهێنا لە تاقیکردنەوەی پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی و ئەنجامەکان بەو شێوەیە بو کە لە خشتەی (٢) دیارە.

خشتەی ژمارە (٢)

بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (One Way Anova) بەمەبەستی زانینی تێکڕای دوجا و ناوەندی تێکڕای دوجاکان و بەهای (ف) ئەژمارکراو بۆهەرسێ گروپی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی

| جۆری گۆڕاو | تێکڕای دوجاکان (مجموع المربعات) | نمرەی ئازاد | ناوەندی تێکڕای دوجاکان (متوسط مجموع المربعات) | بەهای (ف) | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| لە نێوان گروپەکاندا | ٢٤١١،٤٣٣ | ٢ | ١٢٠٥،٧١٧ | ٣٥،٢٢ | ٣،١٦ | بەڵگەدارە |
| ناو گروپەکان | ١٩٥١،٣٠٠ | ٥٧ | ٣٤،٢٣٣ | | | |
| کۆ | | ٥٩ | | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە بەهای (ف) ئەژمارکراو بریتییە لە (٣٥،٢٢) کە گەورەتر لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٠) و بەهای (ف) خشتەی (٣،١٦) بەنمرەی ئازادی (٢-٥٧) و ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، بەم شێوەیەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەنێوان هەرسێ گروپی توێژینەوەکە ئەمەش واتای ڕەتکردنەوەی گریمانەی سەرەکی یەکەم کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەرسێ گروپی توێژینەوەکە و قبوڵکردنی گریمانەی جێگرەوە واتە هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەرسێ گروپی توێژینەوەکە.لەبەرئەوەی بەهاوکۆلکەی ئاماری(ONE WAY ANOVA) جیاوازی نێوان گروپەکان دەرناکەێت بۆیە توێژەر بەمەبەستی دۆزینەوەی ئاراستەی جیاوازیەکە لەنێوان گروپەکاندا و دیاریکردنی باشترین گروپیان هاوکێشەی ئاماری (شیفی- Sheffe) بەکارهێنا بەم شێوەیەی خوارەوە:

٤-١-١- أ خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی لاوەکی یەکەم:

بەمەبەستی وەڵامدانەوەی گریمانەی لاوەکی یەکەم کە بریتییە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە سەرئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) وناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) لەگەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا). پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی ئاماری (شیفی- Sheffe) لەنێوان نمرەکانی خوێندکارانی هەردوگروپی ئەزمونگەری یەکەم و ئەزمونگەری دوەم دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان نمرەکانی خوێندکارانی هەردو گروپ هەیە وەک لە خشتەی ژمارە (٣) دیارە.

خشتەی ژمارە (٣)

ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری شیفی و خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونگەری یەکەم و دوەم لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا

| گروپ | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای (شیفی) | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونگەری یەکەم | ٢٠ | ٣٨،٦٥ | ٦،٢٩ | ٧،٥٤ | ٤،١٠ | بەڵگەدارە |
| ئەزمونگەری دوەم | ٢٠ | ٣٣،٣٠ | ٦،٠١ | | | |

لەم خشـــتەیەیەدا دەردەکەوێت نـاوەنـدی ژمێرەی گروپی ئەزمونگەری یەکەم بریتییە لە (٣٨،٦٥) کە گەورەترە لە نـاوەنـدی ژمێرەی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بریتییە لە (٣٣،٣٠)، هەروەهـا بەهـای ئەژمارکراوی (شیفی- Sheffe) بریتییە لە (٧،٥٤) کە گەورەتر لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٠) و بەهای خشتەی (شـــیفی- Sheffe) کە بریتییە لە (٤،١٠)، بە نمرەی ئازادی (١-٣٨) بەئاســـتی بەڵگەداری (٠،٠٥)، بەم شێوەیەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونگەری یەکەم و گروپی ئەزمونی دوەم لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونگەری یەکەم. ئەمەش واتای ڕەتکردنەوەی گریمانەی لاوەکی یەکەم و قبوڵکردنی گریمانەی جێگرەوە واتە هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردو گروپی توێژینەوەکە.

٤-١-١- ب خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی لاوەکی دوەم:

بەمەبەســـتی وەڵامدانەوەی گریمانەی لاوەکی دوەم کە بریتییە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ســـەرئاســـتی(٠،٠٥)لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ســـتراتیژی شـــەش ڕەهەندی (PDEODE)وناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بەڕێگای ئاســـایی لەگەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشـــەکیدا). پاش جێبەجێکردنی هاوکێشـــەی ئاماری(شـــیفی- Sheffe) لەنێوان نمرەکانی خوێندکارانی هەردوگروپی ئەزمونگەری یەکەم و گروپی کۆنترۆڵکراو دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەســـەر ئاســـتی (٠،٠٥) لەنێوان نمرەکانی خوێندکارانی هەردو گروپ هەیە وەک لە خشـــتەی ژمارە (٤) دیارە.

خشتەی ژمارە (٤)

ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری شیفی و خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونگەری یەکەم و کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا

| گروپ | ژمـــارەی خوێندکاران | نـاوەنـدی ژمێرەی | لادانـــی پێوەری | بەهای (شیفی) ئەژمارکراو | بەهای (شیفی) خشتەیی | ئـاســـتی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونگەری یەکەم | ٢٠ | ٣٨،٦٥ | ٦،٢٩ | ٧٠،٤٢ | ٤،١٠ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٢٣،٣٥ | ٥،١٨ | | | |

لەم خشـــتەیەیەدا دەردەکەوێت  ناوەندی ژمێرەی گروپی ئەزمونگەری یەکەم بریتییە لە (٣٨،٦٥)، ناوەندی ژمێرەی گروپی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە(٢٣،٣٥)، هەروەها بەهای ئەژمارکراوی (شـــیفی- Sheffe) بریتییە لە (٧٠،٤٢) کە گەورەتر لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٠) و بەهای خشتەی (شیفی- Sheffe) کە بریتییە لە(٤،١٠)، بە نمرەی ئازادی (١-٣٨) بەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، بەم شێوەیەش دەردەکەوێت کەجیاوازی بەڵگەداری ئـامـاری هەیە لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونگەری یەکەم و گروپی کۆنترۆڵکراو لەبەرژەوەنـدی گروپی ئەزمونگەری یەکەم و قبوڵکردنی گریمـانەی جێگرەوە واتە هەبونی جیـاوازی بەڵگەداری ئـامـاری لەنێوان هەردو گروپی توێژینەوەکە.

٤-١-١- ج خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی لاوەکی سێهەم:

بەمەبەســتی وەڵامدانەوەی گریمانەی لاوەکی ســێیەم کە بریتییە  لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ســـەرئاســـتی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنند بەپێی ســتراتیژی ســوم (SWOM) و ناوندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بەڕێگای ئاسایی لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشـــەکیدا). پاش جێبەجێکردنی هاوکێشـــەی ئاماری (شـــیفی- Sheffe) لەنێوان نمرەکانی خوێندکارانی هەردو گروپی ئەزمونگەری دوەم و گروپی کۆنترۆڵکراو دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەسـەر ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان نمرەکانی خوێندکارانی هەردو گروپ هەیە وەک لە خشتەی ژمارە (٥) دیارە.

خشتەی ژمارە (٥)

ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری شیفی و خستنەڕوی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونگەری دوەم و کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەتاقیکردنەوەی پاشەکیدا

| گروپ | ژمـــــارەی خوێندکاران | نـاوەنـدی ژمێرەی | لادانـــــی پێوەری | بەهای (شیفی) | | ئـاســـتی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونگەری دوەم | ٢٠ | ٣٣،٣٠ | ٦،٠١ | ٣١،٣٨ | ٤،١٠ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٢٣،٣٥ | ٥،١٨ | | | |

لەم خشـــتەیەیەدا دەردەکەوێت  ناوەندی ژمێرەی گروپی ئەزمونگەری دوەم بریتییە لە (٣٣،٣٠)، ناوەندی ژمێرەی گروپی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە (٢٣،٣٥)، هەروەها بەهای ئەژمارکراوی (شـیفی- Sheffe) بریتییە لە (٣١،٣٨) کە گەورەتر لە ئاســـتی ئاماژەی (٠،٠٠) و بەهای خشـــتەی (شـــیفی- Sheffe) کە بریتییە لە

(٤،١٠)، بە نمرەی ئازادی (١–٣٨) بەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، بەم شێوەیەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونگەری دوەم و گروپی کۆنترۆڵکراو لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونگەری دوەم. ئەمەش واتای ڕەتکردنەوەی ئەم گریمانەیە و قبوڵکردنی گریمانەی جێگرەوە واتە هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردو گروپی توێژینەوەکە.

## ٤-١-٢خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی سەرەکی دوەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە سەرئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) و ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکە دەخوێنن بەپێی ستراتیژی سوم (SWOM) و ناوەندی ژمێریاری نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکە دەخوێنن بە ڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوییدا)، بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم گریمانەیە نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی هەرسێ گروپی توێژینەوەکە دیاریکرا و جیاوازی نمرەی هەرخوێندکارێک لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و نمرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی دیاریکرا، پاشان جیاوازی ناوەندەکانیان دەستنیشانکرا وەک لەخشتەی ژمارە (٦)دادیارە.

خشتەی ژمارە (٦)

ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و بەهای (ف) ئەژمارکراو و خشتەی لەجیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپەکانی توێژینەوەکە بۆ تاقیکردنەوەی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی

| گۆڕاوی پاشکۆ | گروپەکان | نمونەی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی | ئەزمونگەری یەکەم | ٢٠ | ١٤،٨٥ | ٦،٥٦ | ٢٥،٩٢ | ٣،١٦ | بەڵگەدارە |
| | ئەزمونگەری دوەم | ٢٠ | ٩،١٢ | ٧،٠٧ | | | |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٢،٠٠ | ١،٦٨ | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە بەهای (ف) ئەژمارکراو بریتییە لە (٢٥،٩٢) کە گەورەتر لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٠) و بەهای (ف) خشتەی (٣،١٦) بەنمرەی ئازادی (٢-٥٧). ئەمەش بەواتای هەبونی جیاوازیە پاشان بەمەبەستی زانینی ئاستی گەشە لەنێو هەر گروپێکی توێژینەوەکە ئەم ڕیاکاریانە ئەنجامدرا.

٤-١-٢-أ بەمەبەستی وەڵامدانەوەی گریمانەی لاوەکی یەکەم کە بریتییە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوییدا)

پاش دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەی نمرەی بەدەستهاتوی پێشەکی و پاشەکی لە تاقیکردنەوەی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی گروپی ئەزمونگەری یەکەم، ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی بریتیی بو لە (٢٣،٨٠)، پاشەکی بریتیی بو لە (٣٨،٦٥)، پاشا بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ( Paired Samples Test) لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا و دەرکەوت بەهای (تائی) ئەژمارکراو بریتییە لە (١٠،١١)، کە گەورەتر لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٠)و بەهای (تی) خشتەی (٢،٠٩) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بەنمرەی ئازادی (١-١٩) وەک لەخشتەی ژمارە (٧) دیارە.

خشتەی ژمارە (٧)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی بۆجیاوازی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لەتاقیکردنەوەی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی گروپی ئەزمونگەری یەکەم

| گروپ | تاقیکردنەوە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەی | جیاوازی ناوندەکانیان | لادانی پیوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونگەری یەکەم | پێشەکی | ٢٠ | ٢٣،٨٠ | ١٤،٨٥ | ٥،١٣ | ١٩ | ١٠،١١ | ٢،٠٩ | بەڵگەدارە |
| | پاشەکی | | ٣٨،٦٥ | | ٦،٢٩ | | | | |

بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی خشتەی ژمارە (٧)، گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژی شەش ڕەهەندی (PDEODE) خوێند لە تاقیکردنەوەی پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوییدا سەرکەوتن بەسەر هەمان تاقیکردنەوە لەپێشەکیدا. بەم شێوەیەش ئەم گریمانەیە ڕەتدەکرێتەوە.

٤-١-٢-ب بەمەبەستی وەڵامدانەوەی گریمانەی لاوەکی دوەم کە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی گروپی ئەزمونگەری دوەم لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی

گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویدا)، توێژەر ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـــەکی و پاشـــەکی دیاریکرد کە پێشـــەکی بریتیی بو لە (٢٤،١٥)، پاشـــەکی بریتیی بو لە (٣٣،٣٠)، پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (Paired Samples Test)ی لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشـەکیدا دەرکەوت بەهای (تائی) ئەژمارکراو بریتییە لە (٥،٧٨)، کە گەورەتر لە ئاسـتی ئاماژەی (٠،٠٠) و بەهای (تی) خشـتەی (٢،٠٩) لەسـەر ئاسـتی بەڵگەداری (٠،٠٥) بەنمرەی ئازادی (١-١٩) وەک لەخشـتەی ژمارە (٨) دیارە.

خشتەی ژمارە (٨)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی بۆجیاوازی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لەتاقیکردنەوەی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای گروپی ئەزمونگەری دوەم

| گروپ | تاقیکردنەوە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەی | جیاوازی ناوەندەکانیان | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونگەری دوەم | پێشەکی | ٢٠ | ٢٤،١٥ | ٩،١٥ | ٥،٥٨ | ١٩ | ٥،٧٨٥ | ٢،٠٩ | بەڵگەدارە |
| | پاشەکی | | ٣٣،٣٠ | | ٦،٠١ | | | | |

لەم خشـتەیەدا دەردەکەوێت گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکەیان بەپێی سـتراتیژی سـوم (SWOM) خوێند لە تاقیکردنەوەی پاشـــەکی گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویدا ســـەرکەوتن بەســـەر هەمان تاقیکردنەوە لەپێشەکیدا. بەم شێوەیەش ئەم گریمانەیە ڕەتدەکرێتەوە.

٤-١-٢-ج بەمەبەسـتی وەڵامدانەوەی گریمانەی لاوەکی سـێیەم کە بریتییە لە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشـــــەکی و پاشـــــەکی گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویدا)، ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـــەکی و پاشـــەکی دیاریکرا کە پێشـــەکی بریتیی بو لە (٢٢،٧٥)، پاشـــەکی بریتیی بو لە (٢٣،٣٥)، پاش بەکارهێنانی هاوکێشـەی ئاماری (Paired Samples Test)لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشـەکی و پاشـەکیدا و دەرکەوت بەهای (تائی) ئەژمارکراو بریتییە لە (١،٠٠)، کە بچوکترە لە ئاســـــتی ئاماژەی (٠،٣٣) و بەهای (تی) خشتەی (٢،٠٩) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بەنمرەی ئازادی (١-١٩) وەک لەخشتەی ژمارە (٩) دیارە.

خشتەی ژمارە (٩)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی بۆجیاوازی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لەتاقیکردنەوەی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای گروپی کۆنترۆڵکراو

| گروپ | تاقیکردنەوە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەی | جیاوازی ناوەندەکانیان | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | |
| کۆنترۆڵکراو | پێشەکی | ٢٠ | ٢٢،٧٥ | ٠،٦ | ٥،٤٢ | ١٩ | ١،٠٠ | ٢،٠٩ | بەڵگەدار نیە |
| | پاشەکی | | ٢٣،٣٥ | | ٥،١٨ | | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت گروپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکەیان بەپێی بە ڕێگای ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی پاشەکی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویدا سەرکەوتونەبون بەسەر هەمان تاقیکردنەوە لەپێشەکیدا. بەم شێوەیەش ئەم گریمانەیە قبوڵ دەکرێت.

## ٤-٢لێکدانەوەی ئەنجامەکان

ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بە هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری دەکەن لەنێوان گروپەکانی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەم شێوەیەی خوارەوە:

٤-٢-١سەرکەوتنی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکەیان بەستراتیژی (شەش ڕەهەندی- PDEODE) دەخوێند بەسەر گروپی کۆنترۆڵکراودا کە بابەتەکەیان بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێند لە تاقیکردنەوەی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەم ڕووەوە توێژەر هۆکارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ:

- ستراتیژی (شەش ڕەهەندی- PDEODE) لەکۆمەڵێک هەنگاوی زانستی یەک لەدوای یەکی وەک (پێشبینی (التنبؤ – Prediction، گفتوگۆ (المناقشة – Discuss)، ڕاڤەکردن (التفسیر– Explain)، تێبینی (الملاحظة – Observe)، گفتوگۆ (المناقشة – Discuss)، ڕاڤەکردن (التفسیر– Explain) پێکهاتوە کە لەمیانەیدا وانەکانی ڕۆژانەی بابەتی مێژودا خوێندکاران گفتوگۆی زانستی وردی بابەتەکەیان کردوە.

-وەرگرتنی زانیارییەکان بەشـێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە و سـود وەرگرتنی خوێندکاران لە خسـتنەڕوی بیربۆچونە نوێیەکانی خوێندکارانی هاوڕێیان لە نێو پۆلی خوێندن و لەچوارچێوەی گروپە فێرکارییەکاندا.

-پرۆسـەی وانەوتنەوەی بابەتی مێژو بەسـتراتیژی (شـەش ڕەهەندی- PDEODE)، بوار دەڕەخسـێنێت بۆخوێندکار کە گفتوگۆیەکی زانستی لەنێوان خۆیان لەلایەک و خۆیان و مامۆستا لەلایەکیتر ئەنجام بدەن، جگە لەوەی لە چوارچێوەی گروپەهاریکارییە فێرکارییەکاندا گەشە بە ڕۆحی هاوکاری لەنێوان خوێندکاراندا دەدات. لەم ڕووەوە توێژینەوەکە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (حسن: ٢٠٢٠، ٩٨)

-گرینگیدانی سـتراتیژەکە بە ناوەڕۆکە فێرکرییەکان بەجۆرێک لەکاتی کارکردن بەم سـتراتیژە خوێندکار مەعریفە و شارەزایەکانی ڕێک دەخات پەیوەست بە باکگراوندی مەعریفییەوە.(الکبیسی و العبدالعزیز:٢٠١٦، ٨٩)

-لەیەکێک لەهەنگاوە زانسـتییەکانی سـتراتیژی (شـەش ڕەهەندی- PDEODE)دا، کە تێبینیە خوێندکار سـەرنجە دەدات و تێبینییە زانسـتییەکانی تۆمار دەکات لەچوارچیوەی گروپە فێرکارییە هاریکارییەکاندا پاشـان بیروڕاکانی خۆی دەخاتەڕو، ئەمەش هۆکارە بۆ گەشـەپێدانی بیرکردنەوەی مێژویی پراکتیزەکردنی کارامەییە بنەڕەتییەکان لە بابەتەکەدالەم ڕووەوە توێژینەوەکە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (محمود: ٢٠١٩، ٣٣٨).بۆیە ئەم ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (حمە مراد:٢٠١٨)، (الوکاع:٢٠١٩)

٤-٢-٢سـەرکەوتنی گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکەیان بەسـتراتیژی (سـوم- SWOM) دەخوێند بەسـەر گروپی کۆنترۆڵکراودا کە بابەتەکەیان بە ڕێگەی ئاسـایی دەخوێند لە تاقیکردنەوەی گەشـەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەم ڕووەوە توێژەر هۆکارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ:

-ئەم سـتراتیژە هاوکاری خوێندکارە لە ڕێکخسـتنی زانیارییەکان و خسـتنەڕوی بۆچونەکان بەشـێوەیەکی یەک بەدوای یەک بەجۆرێک کە هاوکاربێت لە چالاککردنی پرۆسە هزرییەکان.

- یەکێک لە بنەما سـەرەکییەکانی سـتراتیژی سـوم (SWOM) خۆی دەبینێتەوە لە بیرکردنەوە و تێڕامان کە پایەیەکی سـەرەکی و بەهێزکەری پرۆسـەی فێربون و فێرکردنە لە وتنەوەی بابەتە فێرکارییەکاندا و پەیوەستە بە پێکەوە گرێدان لە نێوان پرۆسە هزرییە بەرهەم دارەکان،.(عبدالکریم: ٢٠٠٩، ٩٦-٩٧)

-خوێندکار لەمیانی کارکردن بەم ستراتیژە سەنتەرە و ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕێت لەبەشداریکردن و گفتوگۆدا بەجۆرێـک کە پراکتیزەی کـارامەییەکـان و چـالاکییە هزرییە جۆراوجۆرەکـان دەکـات، ئەمەش هۆکـارە بۆکاراکردنی بیرکردنەوەکانی لەبابەتی مێژودا و دەرخسـتنی تواناکانی لەشـیکردنەوە و ڕاڤەی بابەتیانەی ئەو گرفتانەی کەلەمیانەی وانەکانی ڕۆژانەدا خرانەڕو.

-هەنگاوە زانستییەکانی ئەم ستراتیژە کە خۆی لە چەند کارامەییەکدا دەبینێتەوە هاوکارە لەسەرکەوتنی گروپی ئەزمونگەری دوەم بۆ نمونە یەکێک لەهەنگاوەکانی ئەم ستراتیژە کارامەیی دانانی گریمانەیە کە بریتییە لەتوانای دۆزینەوەی ڕێگەی نویَ لەپێناو دوبارە ڕێکخستنەوەی ئەو زانیاریانەی کەهەیە و بەدیهێنانی ڕێگەچارەی نویَ. وەرێکخستنی تواناکان بۆ بەکارهێنای مەعریفەی پێشتر و زیادکردنی زانیارییە نوێیەکان.

-لاوازی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی خوێندکاران لە قۆناغی ئامادەیی پەنا ببەنە بەر ئەزبەرکردن و وتنەوەی بابەتەکە بەبیَ تێگەیشتن و شیکردنەوەی زانستیانە لەبەر ئەوەی وانەوتنەوەی بابەتی مێژو لەم قۆناغەدا وابەستەیە بە پرۆگرامێکی دیاریکراو کە ڕێگە بە مامۆستا نادات بۆ بەکارهێنان و جێبەجێکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی و گەشەپێدانی چالاکییە هزرییە جۆراوجۆرەکان لەم ڕوەوە توێژینەوەکە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (حمە مراد: ٢٠١٨، ١٤٥)

٤-٢-٣سەرکەوتنی گروپی ئەزمونگەری یەکەم کە بابەتەکەیان بەستراتیژی (شەش ڕەهەندی- PDEODE) دەخوێند بەسەر گروپی ئەزمونگەری دوەم کە بابەتەکەیان بەستراتیژی (سوم- SWOM) دەخوێند لە تاقیکردنەوەی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەم ڕوەوە توێژەر هۆکارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ:

-کارای ستراتیژی (شەش ڕەهەندی- PDEODE) لەڕوی هەنگاوە زانستییەکانیەوە کە بواری زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ گەڕان و وردبوەنەوەی زانستی و خوێندنەوەی دەرەکی بابەتەکە بەجۆرێک خوێندکار تواناکانی تێگەیشتن، ڕێکخستنی زانیارییەکان، ڕیزبەندی کات، لێکۆڵینەوە، بڕیاردان لە بابەتە مێژوییەکان زیاتر گەشەی کردوە بەراورد بە گروپی ئەزمونگەری دوەم.

-ئەو کەشە زانستی و پڕگفتوگۆ ئامێزەی کە خوێندکاران لەچوارچێوەی گروپە فێرکارییەکاندا پەیڕەویان کردوە هۆکار بوە بۆ گەشەسەندنی تواناکانیان لەسەر ئاستی گروپ بێت یان تاک بەراورد بە گروپی ئەزمونگەری دوەم.

- کارای ستراتیژی (شەش ڕەهەندی- PDEODE) لەڕوی تواناکانی خوێندکار و گەشەپێدانیان بۆپراکتیزەکردنی کردارە زانستییەکانی وەک پێشبینیکردن و تێبینیکردن و لێکدانەوە و بەدەستهێنانی توانای هەڵسەنگاندی خودی ئەمەش هۆکارە بۆ برەودان بەتواناکانی لێکدانە و ڕاڤەی زانستی بابەتی مێژوگەشەپێدانی کارامەییەکانی.(قطامی: ٢٠١٣، ٤٢٢)

## بەشی پێنجەم

### دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### ١-٥ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و توێژەر ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەخاتەڕو:

٥-١-١ کارای ستراتیژی شەش ڕەهەندی لەوتنەوەی بابەتی مێژویی پۆلی دەیەمی وێژەیی و بەرزکردنەوە و گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم بەراورد بە گروپی ئەزمونگەری دوەم و گروپی کۆنترۆڵکراو.

٥-١-٢ بەکارهێنانی هەردو ستراتیژی شـەش ڕەهەندیی و SWOM، وەک دو ستراتیژیی فێرکاری نوێ یارمەتیدەرەن لە گەشـــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لای خوێندکارانی گروپی ئەزمونگەری یەکەم و دوم بەراورد بەخوێندکاران لە گروپی کۆنترۆڵکراو.

٥-١-٣ کارای ســـــتراتیژی SWOM، لەگەشـــــەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەراورد بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو.

### ٢-٥ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

پشت بەست بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕو:

٥-٢-١ وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردســتان/ عێراق زانکۆکان ڕابسـپێرێت سـتراتیژی شـــەش ڕەهەندی و SWOM وەک دو ســـــتراتیژی گرینگی فێرکاری و پرۆگرمی گرینگ لە چوارچێوەی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا لە کۆلێژە پەروەردەییەکان بخوێنرێت.

٥-٢-٢ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان/ عێراق مامۆســـتایان لە گرینگی بەکارهێنانی ســـــتراتیژە فێرکارییەکان و لەنێویاندا ســـــتراتیژی شـــــەش ڕەهەندی و SWOM ئاگادار بکاتەوە، تایبەت مامۆستایانی بابەتی مێژویی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

٥-٢-٣ ســـەرپەرشـــتیارانی پەروەردەی و پســـپۆڕان ڕۆڵی کارا بگێڕن لە پێشـــنیارکردن و ڕاســـپاردنی مامۆســـتایانی بابەتی مێژو بەگشـــتی و مامۆســـتایانی قۆناغی دەیەمی وێژەیی بەتایبەتی بۆ بەکارهێنان و گرینگی دان بە ستراتیژە فێرکارییە نوێیەکان لە نێویاندا ستراتیژی (شەش ڕەهەندی و SWOM).

٥-٢-٤ پسـپۆڕان و مامۆسـتایان لە خولەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە (پێداگۆجی) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و خولەکانی شـــــیاندنی مامۆســـــتایانی پەروەردە ئەم دو ســـــتراتیژە فێرکارییە بەکاربهێنن، لەبەرئەوەی لەڕێگەیەوە دەتوانن مامۆســتایان ئاشــنابکەن بە دو ســتراتیژی گرینگی فێرکاری، بەئامانجی پراکتیککردنی لەخوێندگە و دام و دەزگا ئەکادیمییەکان بەتایبەتی (زانکۆکان- خوێندگە ئامادەییەکان).

## ٣-٥ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

بۆ تەواو بونی ئەم توێژینەوەیە توێژەر پێشنیازی ئەم ناونیشانانە دەکات بۆ توێژینەوەکانی داهاتو:

٥-٣-١ کاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندیی و SWOM، لەسەر دەستکەوت و وەرگرتنی چەمکە مێژوییەکان لای خوێندکارانی قۆناغەکانی (بنەڕەتی، ئامادەیی، زانکۆ).

٥-٣-٢ کاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندیی و SWOM، لە چارەسەرکردنی گرفتەکان و بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی قۆناغەکانی (ئامادەیی- زانکۆ) لە بابەتی مێژو.

٥-٣-٣ کاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندیی و SWOM، لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی سەرو مەعریفی لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

٥-٣-٤ کاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندیی و SWOM، لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی (ڕەخنەگرانە- داهێنەرانە) بۆ هەربابەت و قۆناغێکی دیکەی خوێندن (بنەڕەتی، ئامادەیی، زانکۆ).

٥-٣-٥ کاریگەری هەریەک لە ستراتیژەکانی شەش ڕەهەندیی و SWOM، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەسەر هەرگۆڕاوێکی تری پاشکۆ بۆ هەریەک لەقۆناغەکانی خوێندن.

# The Effect of PDEODE and SWOM Strategies in Developing 10th Grade Literary Students' Historical Thinking Skills

**Azhi Hama Qazi Rahim[1]- Saman Hussein Ahmad[2] - Zana Othman Muhammad[3]**

[1+2]Department of Social Sciences, College of Basic Education, University of Suleimani, Suleimani, Kurdistan Region, Iraq.
[3]Department of Private Education, College of Basic Education, Charmo University, Chamchamal, Kurdistan region, Iraq.

## Abstract

The current study which is an extract from a PhD dissertation adopted a mixed- method, experimental-design to find out the effect of PDEODE and SWOM strategies in developing tenth- grade literary students' historical thinking skills. The sample of the study consists of sixty tenth grade students from the literary branch at Tafan Preparatory School for Girls. After equalizing them, they are divided in this way: Group A regarded as the first experimental group taught by PDEODE strategy, Group B as the control group taught conventionally and group C taught by SWOM strategy as the second experimental group. For each of these groups, a twenty- four daily teaching plan was used and a 30- item test was prepared by the researcher to know the effect of these strategies in developing historical thinking skills. After analyzing the data through the statistical method ONE-WAY ANNOVA, it was displayed that there are statistically significant differences among the groups in a way the first experimental group is better than the second experimental and control groups. It was also concluded that PDEODE and SWOM as two new teaching strategies can provide appropriate platform for improving teaching and learning processes as they focus on students' intellectual, psychological and personal dimensions, making them the center of the process which enables them to apply their knowledge in different contexts.

**Keywords:** PDEODE Strategy, SWOM Strategy, Historical Thinking Skills.

## سەرچاوەکان


عەزیز، عزالدین احمد، (٢٠١٨)، دەروازەیەک بۆ دەرونزانی پەروەردەی، چ١، چاپخانەی هێڤی.

میکە، هەردی مەهدی،(٢٠١٠)، هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژو لەخوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی، توێژینەوەی ماستەر بڵاونەکراوە.

ئیبن ئەسیر، عیزەدین (٢٠١٠)، تەواوی مێژو، و/ زاهیر محمد ڕەشید، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی.

ابراهيم، فاطمه عبدالفتاح احمد (٢٠٢٠)، فاعلية اســتراتجية الابعاد الســداســية (PDEODE) في التحصــيل و مهارات التفكير المستقبلی لدی طلاب كلية التربية شعبة التاريخ، جامعة عين شمس- كلية التربية- مجلة القرءة والمعرفة، العدد(٢١٩)- ٢٠٢٠م.

أمبوســعيدي، عبدالله بن خميس، هدى بنت علي الحوســينية، (٢٠١٦)، اســترتجيات التعلم النشــط 180 اســترتجية مع الامثلة التطبيقية، ط٢، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان- الاردن.

حسن، اصيل فائق (٢٠٢٠)، فاعلية استراتجية، PDEODE في اكتساب مفاهيم التاريخية في مادة التاريخ لدى طالبات الصف الرابع الادبی، رسالة ماجستير المنشورة، مجلة كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، العدد (٣١)- ٢٠٢٠م.

الحيلة،محمد محمود، ٢٠٠١، طرائق التدريس الفعال واســـــتراتيجياته، ط١، دار الكتاب الجامعي, الامارات العربية المتحدة دار العين.

خريشــــه، على كايد ســــليم (٢٠٠٤)، مهارات التفكير التاريخي في كتب التاريخ للمرحلة الثانوية، مجلة كلية التربية- جامعة الامارات العربية المتحدة، السنة التاسعة العشر، العدد (٢١)، ٢٠٠٤م.

الزبيدي، محمد على، (٢٠١٩)، أثر اســتراتيجية (SWOM) في تنمية مهارات التفكير التأملي لدى طلاب الصـف الثاني الثانوي في محافظة القنفذة، مجلة جامعة أم القرى للعلوم التربوية والنفسية – المجلد ١٠ – عدد ٢-ج١.

بدالسلام، محمد (٢٠٢١)، استراجيات التدريس الحديثة (دليل معلم الناجح)،كتب الكترونية، مكتبة النور.

عبدالكريم، عمر احمد (٢٠٠٩)، النموزج اشامل المثل لكل المدرسة، كتب الكترونى.

عبيدات، هاني حتمل، (٢٠١١)،درجة اســــتخدام معلمي التاريخ الإجراءات الصـــــفية التي تنمي مهارات التفكير لدى طلبتهم، دراسات، العلوم التربوية، المجد ٣٨، العدد ١، ٢٠١١.

جامل، عبدالرحمن عبدالسلام، (٢٠٠٤)، طرق التدريس المواد الاجتماعية، ط٢، دار المناهج لنشر والتوزيع.

العدوان و العوامدة، زيد سليمان و محمد فواد، (٢٠٠٨) تصميم التدريس، ط١، عالم الكتب الحديث، اربد- الاردن.

العسيري، عمر احمد،(٢٠٢١)، SWOM –سوام النموذج الأمثل الشامل للمدرسة، ط٢.

على، محمد ابراهيم، (٢٠١٨)، اثر اســـتراتجية (plan) في اكتســـاب المفاهيم التاريخية عند طلاب الصـــف الرابع الادبي وتنمية التفكير التاريخي في العراق. جامعة بغداد، كلية التربية للبنات، مجلةالجامعة الاسلامية للدراسات التربوية والنفسية، عدد ٤١٦.

قطامی، يوســف محمود، (٢٠١٣)، اســتراتجيات التعلم و التعليم المعرفية، ط١، دارالمســيرة للنشــر والتوزيع والطباعة، الاردن- عمان.

الكبيسى، عبدالواحد حميد، (٢٠٠٧)، القياس والتقويم تجديدات و مناقشات، ط١، دارجريرللنشروالتوزيع، عمان-الاردن.

الهاشمي، عبدالرحمن، وطه على حسين الدليمي (٢٠٠٨)، استراتجيات الحديثة في فن التدريس، ط١، دارالشروق للذشر، عمان- الاردن.

الياســرى، وفيه جابر محمد، و حســين فليج محمد، و عباس فاهم صــاحب (٢٠١٩)، اثر اســتراتجية (SWOM) في تحصــيل طالبات الصف الاول المتوسط في قواعد اللغة العربية، مجلة جامعة بابل للعلوم الإنسانية، المجلد ٢٧، العدد ٢ :٢٠١٩م.

Costu, B. (2008) ‘Learning Science through the PDEODE Teaching Strategy: Helping Students Make Sense of Everyday Situations’, Eurasia Journal of Mathematics, Science & Technology Education, 4(1), pp.3-9.

Hussein, H. and Firas, M. (2020) ‘Effectiveness of Teaching by SWOM Strategy in Achievement and Retention of Second Intermediate-Grade Students in Science’, International Journal of Early Childhood Special Education (INT-JECSE), 12(2): pp. 24-34.

Talin, R. (2015). ‘Historical Thinking Skills– The Forgotten Skills?’ International Journal of Learning and Teaching. 7(1), pp.15-23.

Ryter,D. (2015). ‘Programs and Practices: Students’ Historical Understandings in International Baccalaureate, Advanced Placement and Regular World History Courses’ Journal of International Social Studies, Vol. 5(1), pp. 101-128.

Savander-Ranne, C. & Kolari, S. (2003). ‘Promoting the Conceptual Understand of Engineering Students through Visualization’ Global Journal of Engineering Education, 7(2).

Qays, N., Ali, A., and Qasim, E. (2021), ‘Effect of (SWOM) Strategy on Personal Struggle and Learning the Combined Offensive for Students’, Annals of R.S.C.B., ISSN:1583-6258,25 (6), pp. 552-564.

Carrasco, G. & Pedro, M. (2016), ‘Historical Skills in Compulsory Education: Assessment, Inquiry Based Strategies and Students' Argumentation’, NAER. 5(2). pp. 130-136.

Whtataker, S. (2003). ‘The Impact of Digital Images and Visual Narratives on the Ability of Fourth Graders to Engage in Historical Thinking Unpublished PhD Dissertation. University of Virginia.